# ئازادی ژن لە چوارچێوەی سەرکەوتنی پارتەکەمدا ئەبینم

کەلسوم موراد

عەباس ڕەسوڵ

یەکێتی ژنانی کوردستان کە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی سیاسیو چەکدرایان لەناو ئەم پارتەدا بوە تا ساڵی ٢٠٠٠پارتی ژنانی ئازاد دامەزرا داوی ئەوەی بەکۆمەڵێك گۆرانکاریدا تێ پەری بەم شێوەیە١٩٩٣ژنان یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کودرستانیان (پ.ژ.ك)دامەزراند ساڵی ١٩٩٥یەکێتی ژنانی کوردستان (پ.ژ.ك)ساڵی ١٩٩٩پارتی ژنانی کارکەری کوردستان (پ.ژ.ك.ك)ساڵی ٢٠٠٠پارتی ژنانی ئازاد (پ.ژ.ئە)ساڵی ٢٠٠٤پارتی ژنانی ئازادی خوازی کوردستان (پ.ژ.ك)بەشی سەربازیەکەی ٢٠٠٥ یەکێتی ژنانی ستار (.ژ.س). تێکۆشین ئۆزان بەرپرسی باسکی ئیدۆلۆژی ژنان سەبارەت بەرەوشی ئێستای ڕێکخراوەکەیان و هەروەها ئەو هەرەشانەی لەلایەن تورکیاو ئێران، ڕووبەروی پارتی ژنانی ئازادی کوردستان سەر بەکۆنگرەی گەل ڕێوان ئەم چاوپێکەوتنەی لە بناری قەندیل ئەنجامدا.

*** لە ڕوانگەی ئەو ئاڵوگۆرە سیاسیانەی لەناوچەکەدا رویداوە تاچەند گۆرنکاری لەسیاسەت و بەرنامەی ئێوەدا بوە؟**

- لەرۆژ هەڵاتی ناوەراست کۆمەڵێك هێز هەیە، کە سیاسەتی خۆیان دیاری دەکەن، بەو شیوەیە نی یە کە هێزێك دوژمنی زۆری بی و هێزیکی تر دۆستی زۆربی، قۆناغێکە کە دۆستایەتی و دوژمنایەتی هێزەکان شیاوی ئاڵوگۆڕە، قۆناغێکە کە دۆستایەتی دوژمنایەتی لە کات و دەرفەتی جیاوازدا ئیمکانی گۆرانە هەرهێزیك دوژمنیك بۆ خۆی دروست بکات و لە سەر ئەو بنچینەیە سیاسەتی خۆی دابریژیت هەرگیز بەم شیوەیە نی یە . تۆ پەیامێك ئەدەی و ئەڵێی نابێ لەو شوێنە ببی، بەڵام لە جیگەی ئەو پەیامە پەیامیکی تریش هەیە ، ئەمەش لەو ئاستەی کە هاوسەنگی هێز ئەمە دیاری دەکات هەریمی کوردستان لە هەرچوار پارچەکەدا زۆر ئاڵۆزو تێکەڵە، تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە لە رۆژ هەڵاتی ناوەراستدا چ هەنگاویکی بهاویژیت ئەوا هەریمی کوردستان پەیوەندی دار دەکات لەلایەن هەر هێزیکەوە بیت چ ئەمەریکا بیت یان ئێران یان سوریا بیت یان تورکیا بیت چونکە لە ناوە چونکە لە ناوەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، بیگومان هێزەکانی کوردستانیش کە بەیەکەوە کاردەکەن و ئەو هەنگاوانەی ئەینین ، رەوشی کوردان چۆن دیاری دەکەن پەیوەندی هەیە . سیاسەتیك کە بەئاشکرا یان بەنهێنی (بن ری ) هەیان و دایدەریژن، پارتی و یەکێتی ئەم هێرشەی ئێران و تورکیا بۆ باشوری کوردستان بە ئاشکرا رەتی ئەکەنەوە و ڕێگا نادەن ئەو دەولەتانە لە سنورەکانیان تیپەربن ، بەڵام دەڵێن لە ژێرەوە (بەنهێنی ) شتیك هەیە لەسەر ئێمە ، بەڵام ناتوانین ئەوە رابگەیەنین لە پارتی و یەکێتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لە ژیرەوە ڕێکەوتنیان هەیە، ناتوانین ئەم ئیدعایە بکەین بەڵام ئەمە لە مشتو مردایە بە هۆی ئەم رەوشەوە هاتۆتە ئاراوە ، ئێمەش وەکو بزوتنەوەی (کۆنگرەی گەل) کوردستانی یەکان لەناو ئەو رەوشەی کە هاتۆتە سەر زمان لە هەلویستیکی رەخنەییدایین لە رووبەرووبونەوەی تورکیادایین، لە دەمێکدا کە هەنگاویك لە دژی ئێمە نراوە ، هەرهێزیك چ هەنگاویك بهاوێت لە سیاسەتی خۆیدا لە بەرامبەر ئێمەیە. سیاسەتی ئێمە وەکو بزوتنە بەم شێوەیە، لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەموو هێزەکان سیاسەتی خۆیان بۆ کورد هەیە بۆ نمونە ئێران، تورکیایان ئەمە ڕێگاش سیاسەتی بۆ کورد هەیە پێویستە کوردیش سیاسەتی کوردی بۆ خۆی هەبێت پێویستە کوردیش ستراتیژیەتی خۆی هەبێت. ئەمەش ئەو مانایە نی یە کە لە رووی ئیدۆلوژیکی دا (فکری) دا بۆخۆمان هەبن، لە سیاسەت دا تەنها بوونمان هەبێت، بەڵکو پێویستە لەئاستی کوردستاندا دەکرێت ببینە یەك واتە هەمو هێزە سیاسیە کوردیەکان بە هەر بیرو بۆ چونێکەوە کە هەیانە دەکرێت بەرەیەك یان سیاسەتێکی یەکگرتوویان لەبەرامبەر رووداوەکاندا هەبێت بۆ نموونە کاتێك هێرش دەکرێتە سەر ئێرە نەڵێت بۆ ئێمەیەp.k.kبەڵکو بڵێین بۆ سەر باشورە ، هەروەها بۆ ئێرانیش یان بۆ سوریاش یان بۆ تورکیاش هەروەها کاتیك ئێران سیاسەتێك بەرامبەر کورد پیادە دەکات بە هاوکاری تورکیا تەنها بۆ کوردی ئێرانیە، بەڵکو بۆ کوردی باشوریشە، یان بۆ موصل و کەرکوکیش بە هەمان شێوەیە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات سیاسەت و وجودی خۆی لەم ناوچەیە جێگر بکات لەبەر ئەوە دەبێت کوردانیش سیاسەتی خۆیان هەبیو پیادەی بکەن. لە کۆنگرەی ئێمەدا بریارێك دەرکراوە بۆ کورد بە گشتی کە کۆنفرانسێك ببەستریو کورد سیاسەتی خۆی دیاری بکات هەموو هێزە سیاسیەکان تێیدا بەشداربن و پرس و رایان وەربگیرێت لەسەر مەسەلەی کورد. بۆ نموونە ئێمە لێرە هەین کاتێك قسە لەسەر پرسی کوردی باشورە قسەی ئێمەشە، یان هی ئێران یان تورکیا.. هتد

*** ئەو هەڕەشانەی ئەمرۆ توندبۆتەوە لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە چۆن دەبینن؟**

- ئێمە هێزێکین لە کورد سنوری یان روبەری هیچ وولاتێکمان داگیر نەکردوە، ئێمە کوردین و لە کوردستانین، وە لەسیاسەتی ئێمەدا نیە هیچ شوێنێکی کوردستانیان بۆ چۆل بکەین ئەگەر لەباشور کورد پێویستی پێمان بێ ئێمە ئامادەین یان لە ئێران یان لە تورکیا یان سوریا بەهەمان شێوە ئامادەین پارێزگاری لە کورداندا بکەین. یەکەم ئێمە نامانەوی وە نابینە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن (معارچە) بۆ نمونە پشگیری پارتی بکەین و یەکێتی وەدەر بنێن یان بە پێچەوانەوە دوەمیش ئامانجی هێرشی ئێران و تورکیایە تەنها ئێمە نین. ئێران (١٠٠٠٠) سەرباز تەنها بۆ گەریلا نەهێناوەتە سەر سنور، بەڵکو لە هەلومەرجێکدایە کە ئێران بە قۆناغێکی دژواردا دەروات، ئەمریکا هەرەشەی لیدانی ئێران دەکات. وە تورکیا دەبینی لە باشور یەکێتی بەرپا بوە حکومەتی یەکگرتوو دادەمەزرێت، هێواش هێواش کوردستانی باشور بەرەو ئاسایی بونەوە دەروات نالێین ئێمە ئامانج نین بەڵکو راستە ئێمەش ئامانجین بۆ ئێران و تورکیا، ئەگەر دەرفەتیان هەبێت هێرش دەکەن گەرەکیانە ئێمە لەناو بەرن، بەڵام کێشەکە تەنها ئێمە نین.

بارزانیو تاڵەبانی هەڵوێستی خۆیان راگەیاندو تێگەیشتن کە مەسەلە تەنها ئێمەنین وە ئەمریکاش ئەوە باش تێدەگات. لەم قۆناغە دا ئێران و تورکیا وەك حەرەکەتێکی هاوبەش دێنە پیشەوە وە ئەوە شتێکی ستراتیژی نییە، مومکینە بگۆرێت، تەنها لە بەرامبەر کوردان هاوبەشن، ئێمە جوڵانەوەیەکی گەریلاین، ئەمە یەکەم جار نییە هێرشمان ئەکرێتە سەر هیچ جوڵانەوەیەکی گەریلایی لەجیهاندا نەتوانراوە سەرکوت بکرێت وە ئەمەش بۆ سەرکوت کردنی ئێمەیەو ئیمکانی نیە، بەڵام لەوە گرنگتر ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە.

*** پارتی و یەکێتی لە راگەیاندنەکانیان دەڵێن ئێمە ڕێگە نادەین (p.k.kلە سنورەکانی ئێمەوە چالاکیەکانیان لە ئێران و تورکیا ئەنجام بدەن، ئایا ئێوە پەیوەستن بەم مەسەلەیەوە؟**

-ئێمە تەنها لێرە نین، بەڵکو ئێمە هێزمان لە ناو ئێران و سوریا و تورکیا دا هەیە پێویست ناکات ئێمە هێز بنێرین بۆ شوێنێکی تر چونکە ئێرە ناوەندێك نیە بۆ ئەوەی هێزەکانمانی لێوە رەوانەی ئێران و تورکیا بکەین بەڵکو لە قوڵایی ئەو وولاتانەدا ئێمە هێزمان هەیە، بەڵام ئێمە کراوینە بەهانە بۆ هێرش کردنە سەر باشور لەلایەن ئێران و تورکیاوە. بۆ ئەوەی پارتیو یەکێتی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و دواتر دژی ئێمە بەکاریان بهێنی مێژووی کوردستان تائێستا بەم شێوەیە هاتوە وەختێك خەڵکی کورد زولمی لێکراوەو پەنای بۆ شاخەکان بردوە بۆ دیفاع کردن لە خۆی لە سەر خاکەکەی خۆی دەرکراوەو ئەویش دیفاعی لە خۆیو خاکەکەی کردووە.

ئێمە هێزێکی دیموکراتی خوازین بۆ ئاشتی و ئازادی گەل و خاکەکەمان تێدەکۆشین هێرش ناکەینە سەر هیچ هێزو کەسێك، مەگەر تەنها کاتێك ئەو هێزو کەسە لەو شوێنە ناهەقی بە خەڵکی کورد بکات یان کردبێت نە لەباشورو نەلە تورکیاو نە لە ئێران و سوریا ئەوەمان نەکردووە ئێمە دەڵێین ناهەقی بەرامبەر خەڵکی کورد مەکەن، دیموکراتی پێشێل مەکەن ئاشتی بەرقەرابکەن، سەربەستی خەڵك زەوت مەکەن، ئەگەر ناهەقی بەرامبەر خەڵکی کورد نەمینی ئەوا ئەو کات ئێمەش پێویستیمان بەو چەکە نامێنی، ئێمە دیفاع لە خەڵك دەکەین.

ئامانجی ئێمە دیموکراتی ئاشتی، پێکەوە ژیان، بۆ نموونە لە تورکیا کوردو تورك هەیە ئامانجمان ئاشتی و پێکەوە ژیانی تورك و کورد لە عێراقیش بە هەمان شێوەیە، ئێمە ئامانجمان دروست کردنی دەوڵەتێك نییە بۆ کورد بەڵکو ئامانجمان بونی یەکێتی و هاوکاری کوردانە، پێکەوە ژیانی کوردو ئەو نەتەوانەیە کە لە هەرچوار پارچەکەدا دەژین و ریزی یەکتر قایل بن برایەتی یەکتر قەبووڵ بکەن (برایەتی گەلان)

ئێمە لە تورکیا پێناسەی کوردبونمان لێ زەوتکراوەو ئینکار دەکرێن و لەسەر ئەوەش بە هەزاران کەس لە زیندانەکاندان.

*** ئێوە پابەندن بە راگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتی کە لەسنورەکانی ئەواندا چالاکی لە ئێران و تورکیا نەکەن؟**

- ئێمە رۆڵەی چیاکانی کوردستانین، خەباتی ئێمە بەزۆر شێوە هەیە، ئێمە لە ناوەندیك یان چیایەك دانەنیشتوین بەڵکو هەموو چیاکان دەگەڕێین، خەباتی ئێمە تەنها لەشکری گەریلایی نییە بەڵکو خەباتی ئێمە سیاسیشە وە هێزیکی ئۆپۆزیسیۆنی بی دەنگیش نین ئێمە لەباشور دەژین هەر خەڵکی باشوریش پێمانەوە پەیوەست دەبن، چونکە ئەوان دەزانن ئێمە لە ژیانی ئەواندا هاوبەشی خەمەکانیانین واتە مەسەلە بەڵێ و نەخێر نیە.

ئامانجی ئێمە بۆ هەر چوارپارچەیە شوێنێك پێویست بی سەربازی وەڵامی ئەدەینەوە وە شوێنێکی تر سیاسی . کورد هەمووی هەر یەکە ، ئامانجمان بۆ هەموو کورد هەریەکە ، ئێمە تەنها بزوتنەوەیەکی کوردی تورکیانین ، دەخوازین پەیوەندیمان لەگەڵ هێزە کوردیەکان هەبێت بەڵام بیرو بۆچوونمان جیاوازە

زۆر جار دەولەت لە هیلی لەشکری یدا سنورەکانی پێشێل ناکریت بەڵام لەرووی سیاسیەوە پێشێل دەکرێت تورکمانەکان پارتی وایان هەیە ریك سیاسەتی تورکیا دەبات بەڕێوە، شیعەکانیش بەهەمان شێوە.

*** پێتان وایە بۆچی یەکێتی وپارتی خۆیان بێلایەن کردوە لەمەسەلەی ئێمە؟**

- بەڵێ p – p.u.k پێویستی یەکی وایان هەیە و سنوری خۆیان بپارێزن بەڵام پێویستە کورد دووناسنامەی هەبێت لە باشور ، ناسنامەی عێراقی و هەم ناسنامەی کوردی، لە هەموو جێگایەك پێویستە دوو ناسنامە هەبێت برایەتی و پشگیری گەلی تورك و کوردی باشور گرنگە من دەخوازم رەوشی کورد لەباشور ئاڵۆز نەبێت و شتێکی مەترسیدار ناکەین، دەخوازم پارتی و یەکێتی سیاسەتیکی نەتەوەیی هەڵبژێرن.

*** لەنێو ئەم دۆخە هەستیارەی ئەمرۆی باشورونەخشەی تورکیاوئێران چۆن ئایندەی پارتەکەتان دەبینن؟**

- من بەدوای چارەسەری شەخسی خۆمدا ناگەڕێم، بەڵکو چارەسەری من لە چوارچێوەی گشتی نەتەوەکەمدا دەگەڕێم، چارەنوسم بەندە بەسەرکەوتنی پارتەکەم. ئازادی پرسێکی دەم درێژە، ئازادی ژن لە چوارچێوەی سەرکەوتنی پارتەکەمدا ئەبینم .

# کێ سەروەرە؟ یاسا؟ یان یاسای خێڵو هێزی بازوو هێزی پارە؟!!

ئەمیرە حەسەن

کاتێك مرۆڤ سادەو ساکار بو هێزی بازوو سەروەر بوو دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ ژیانی هاوبەشدا کە کۆمەڵی بچوك دروست بو وەك خێڵو عەشرەت ئەوسا یاسای خێل سەروەر دەبوو کە ئەویش بەهێزی بازوو و جێبەجێ دەکراو دواتر لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەت ئیمبراتۆریەتە جۆراوجۆری کام یاسای مرۆڤایەتی دەرکەوت وەك یاسای محرابی کە کۆنترین یاسای مرۆڤایەتیەو سەروەری ئەچەسپا بەپێی شوێنو کاتو لەهەندێ قۆناغدا. بەم جۆرە هەتا لەم سەدانەی دواییەدا بەتایبەت لەسەدەی بیستەمدا کە لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە نەخشەی تازە بۆ جیهان دانراو، هەندێ دەوڵەت دروست بوو لەژێر چاودێری جیهاندا وەك بەریتانیاو ئەمریکاو فەڕەنساو.. هتد هەندێکی کۆتایی پێ هات وەك دەوڵەتی عوسمانیو دواتر لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمداو لەگەڵ کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا ئیستعماری کۆن لەزۆر شوێنی جیهاندا کۆتای هات وەك ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقیاو.. هتد و شێوازی دەوڵەتە مۆدرنە سەربەخۆ تازەکان لەجیهاندا بەرجەستە بوو یاسا سەروەر بوو و بەڵکو بەرەو یاسای نێو دەوڵەتی هەنگاوی باشنراو ئێستاش لەسەرەتای سەدەی بیستو یەکدا دەبینرێ عەولەمە جیهانی بچوك کردۆتەوەو بەرەو یاسای سەرانسەر دەیەوێتو بەرژەوەندیو پەیوەندیەکان ڕێکدەخرێ بەهاوبەشی لەجیهاندا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکاریو پێشکەوتنانە کە هەندێ بەشی جیهان بەخۆیەوە بینیوە هەندێ بەشی تر هێشتا جۆرە سیستمێك پەیڕەو دەکرێ کە تاکڕەوو دکتاتۆرە وەك عێراق کە یەکەم مۆڵگەی یاسای مرۆڤایەتییە لەجیهاندا، بەڵام دوای سەربەخۆی شێوازی مەلەکی بەخۆوە دی دواتر جمهوریو دواتر کودەتای سەربازیو دواتر حوکمی تاکڕەوی بەعس، دواتر ئازادکردنو داگیرکردن لەلایەن ئەمریکاوە بەبیانوی روخاندنی رژێمی سەدامو ئەمانە هەموو لەلایەكو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکاریە لەعێراقدا لەباشە بو خراپ یان یان بەپێچەوانە یاسا لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ساڵی ١٩٢٠ سەروەر بووەو چەند دەستورێکی هەبووە ١٩٢٠-١٩٢٥-١٩٥٨-١٩٥٩-١٩٧٠ هەتا دەستوری تازە دوای کەوتنی رژێمی بەعس کە دەنگی لەسەر دراو عێراق زۆر یاسای مۆدێرنو پوختەی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەخۆوە دیوە کە کاریگەری یاسای میسری بەراستەوخۆو فەڕەنسی بەناڕاستەوخۆ پێوە دیارە، بەڵام وا دیارە بەرزگارکردنی عێراق پێکهاتەی سیاسی عێراق گۆڕا حوکمی تاکڕەوی ٣٥ ساڵی بەعسو سەرکوتکردنی شیعەو کوردو فەیلیو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی تر لەعێراقدا حاڵەتێکی پەرچە کرداری دروست کرد لەپێکهاتەی سیاسیو حکومەتی تازە لەعێراقدا کە فرە نەتەوەییو مەزهەبیو بەرجەستەیی بێ، بەڵام لەڕوانگەی ئازادیو پێکەوەژیان نەهاتووە، بەڵکو لەڕوانگەی تۆڵەو هەلی باڵادەستی رەدکردنەوەی بەرامبەر لەفرەییەوە هاتەوە کایە کە ئەمەش وەزعی سیاسی عێراقو کۆمەڵگای عێراق گەیاندە ئاکامێکی ترسناك کە شەڕی مەزهەبیو تائفی لێ بێتەوەو پێك نەهاتنی حکومەتی عێراق تا ئەم ساتەو جگە لەمانە لەوردەکاریەکاندا کۆمەڵی عێراق بەگشتیو کوردستانیش کە کاریگەریەکی زۆری ئەم دۆخەی لەسەرە گەڕاینەوە بەرەو (لاقانون)" بێ یاسا بۆ نمونە هەوڵی گەڕاندنەوەی بۆ یاسای مەزهەبی لەباری کەسێتی تێدا بەپێی مادەی ٤١ دەستور باشترین نمونەیەو جگە لەوەی ئەبینین ئەمرۆ لەم کۆمەڵەدا یاسا سەروەرنیە، بەڵکو هێزی بازوو لەژێر بیانوی تیرۆرو هێزی میلیشیاو پارتە جیاوازەکانداو مرۆڤایەتی ئەگەڕێتەوە سەرەتا کە بازو مافی بۆ بەرجەستە دەکردن ئێستاش ئەو هێزە لەکۆمەڵدا بەیارمەتی چەكو هێزی پارە ژیان بۆ خەڵکی دابین دەکات نەك یاساو خزمەتگوزاری حکومەت کەم بۆتەوە لەئاست قەیرانە ئابوریە گەورەکاندا وەك کێشەی کارەباو سوتەمەنیو گرانی بازاڕی ئازاد ئەگەر مرۆڤ هێزی بازو پەیوەندی بەهێزو واستەو هێزی پارەی لانەبێ ئەوا ژیانی دابین نابێو دەبێ بەژێر دەستو پێوە بەتایبەتی لەشارێکی تری عێراق راستە ئەمنیەت بەرجەستە کراوە، بەڵام ژیان زۆر گرانە من وەك هاوڵاتیەك زۆرجار بەدوای یاسایەکی دادپەروەری یەکساندا دەگەڕێم، بەڵام بەدی ناکەم مافی یەکسانی ژیان بەهێز ئەمرۆ بەرجەستە ئەبێ نەك بەو یاسایەی کە من ئەیناسمو خوێندومە، ئەمە زەنگێکی خەتەرەو دەمێکە لێئەدا، بەڵام هەموو گوێی خۆمان لێکەڕکردووە!!